# محەممەد سدیق کەبوودوەند:
# من تەنیا تێکۆشەرێکی مافی مرۆڤم!

## کوردوەند: ناوەندی هەواڵنێری بنەماڵەی کەبوودوەند

**محەممەد سدیق کەبوودوەند، لەنووسراوەیەکیدا کە بەم دواییانە لەزندان بۆ دەرەوەی ناردووە، بەرپەرچی ئەو نووسینەناڕەوا و بۆختانانەی داوەتەوە کە لەلایەن چاپەمەنیی پرلەدرۆ و چەواشە و بیری ڕەگەزپەرستییەوە سەبارەت بەخۆی و بنەماڵەکەی و ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی کوردستان بڵاوکراونەتەوە و، بەخەیاڵ و بلاڤۆکی درۆ نێوبردوون . دەقی نووسراوەکە بەم جۆرەیە:**

پاش نووسینی ناوی من (**محەممەد سدیق کەبوودوەند**) **لەلیستی کاندیداکانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل – ساڵی ٢٠١١**، کۆمەڵێک بڵاوکراوەی ساختە، کە پیشەیان پەرەپێدانی درۆ و فریوکاری و بیری ڕەگەزپەرستییە، بەشێوازێکی سەیروسەمەر، دیسان من و بنەماڵەکەم و ئەندامانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانیان داوەتە بەر هێرش و بوختانی ناڕەوا. ئەم ڕاگەیەندراوانە، هەموو یاسا و پێوانەیەکی مرۆڤییان خستووەتەژێرپێ و، لەنووسینەکانیاندا، لە من وەک تێکۆشەرێکی مافی مرۆڤ ناونابەن، بەڵکو خەبات و چالاکیی منیان گرێداوە بە پارت و ڕێکخراوەی سیاسی و تەنانەت چەکدارییەوە. ئەم ڕاگەیەندراوانە، لەگەڵ ئەوەی کە پێوەندییان بەدەزگەی ئاسایش و پاراستن ودادپرسییەوە هەیە، لێ هیچ هەوڵێکیان نەداوە بۆ ئەوەی ئەم بوختانانە دراونەتە پاڵ من، تۆزێک خۆیان ماندوو بکەن و لێکۆڵینەوەیەکی بچووکی لەسەر بکەن.

بەباوەڕی من، ئەم ڕاگەیەندراوانەی کە بەئاسانی یاری بە کەسایەتی و ئاوڕو و شەرەفی خەڵکەوە دەکەن، بۆخۆیان بێ ئاوڕو وبێ ڕەوشت و بێویژدانن. ئەوی کە ئەمانەی وا تووشی ترس و دڵەڕاوکە کردووە و، ناچاریکردوون ئەم درۆ و بوختانانە بڵاوبکەنەوە ئەوەیە، دەترسێن، خەڵاتی ئاشتی نۆبێل بە کوردێک و بە ئێرانییەک ببەخشرێت کە سەبارەت بەپرسی مافی مرۆڤ بەندکراوی هەڵوێستیەتی. من تەنیا تێکۆشەرێکی مافی مرۆڤم و خەڵکیش بەم ناوەوە من دەناسن، بەڵام ئەم ڕۆژنامە و ڕاگەیەندراوانەی کە بەرپرس و خاوەنەکانیان لەریزی سەرکوتکەران و شکەنجەکاران و، پێشێلکارانی مافەکانی خەڵکی ئێران و مافی مرۆڤن، چاوەڕوانی لەمە باشتر لێناکرێت لێیان. خاوەنەکانی بڵاوکراوەی درۆ و فریو و ڕەگەزپەرستیی، ڕەنگە مافی ئەوە بەخۆ بدەن، من وەک پارێزەری مافی مرۆڤ نەناسن، لەوانەیە ئەو کەسانە بەپارێزەری مافی مرۆڤ بناسن کە خەڵکی ئێران، خەڵکی کورد، خەڵکی تورک، عەرەب، بەلووچ و تورکمانیان سەرکوتکردووە. ئەمانە، کەسانێک بەشیاوی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دەزانن کە لە **"قاڕنە"** و **"قەڵاتان"** ئەو قوڵاچۆ سامناکانەیان ئەنجامدا. ئەو کەسانە بەشیاوی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دەزانن کە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی هەزاران گیراوی سیاسی و، دەیان ڕێبەری ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لەنێوخۆ و لەدەرەوەیان لەنێوبرد. ئەمانە کارگێرانی تیرۆرەکانی

زنجیرەی و ئەنجامدەرانی بێسەروشوێنکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ئاینی و، یەخسیرکردنی ئازادی و ئاسایشی تاک و تێکڕای مرۆڤی ئێران بەشیاوی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل دەزانن. بەڵێ، ئەمانە سەرپەرشتکارانی گوللەبارانکردن و تێرۆریستەکانی دەوڵەتی و شکەنجەکاران بەشایستەی وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دەزانن. ئەگەر وایە، وەرنە مەیدان!!

**تاران – زندانی ئوین ٦ی مرداد ١٣٩٠ بەرامبەر بە ٢٨ی جولای ٢٠١١**

**http://rajanews.com/PrintFriendly.asp?id=95579**
**http://www.yalesarat.com/vdcf.1deiw6d11giaw.html**
**http://www.irdc.ir/fa/content/13352/default.aspx**
**http://www.teribon.ir/archives/61042**
**NewsId=24101&CID=4&http://www.farhangnews.ir/site/Default.aspx?tabId=2**
**http://bheshtyaran.mihanblog.com/post/622**
http://ir.rajanews.com/PrintFriendly.asp?id=95579
id=22491:1390-04-22-00-&view=article&http://www.anjomedu.ir/index.php?option=com_content
Itemid=118&catid=4:1388-07-27-15-34-14&56-04
http://mojahedonline.mihanblog.com/post/1090
/http://mardanirobahsfat.persianblog.ir/post/5030

تکایە بڵاوی بکەنەوە --


http://www.hro-kurd.net
انسانیت // وابسته به سازمان دفاع از حقوق بشرکردستان پایگاه اطلاع رسانی
email:
prmmkkurd@gmail.com
prmmkkurd1@gmail.com
prmmkkurd2@gmail.com